www.kurdistannet.org
12-2-2007 0:42 بەكاتی ناوەندی ئەورووپا

## سێبەرەكانی پارتی مێژووی فیدرالیش دەشێوێنن ... باوەڕ پیرۆززادە

لە ژمارە 117ی رۆژی 2007/2/11 ی هەفتە دووجاری هەولێرپۆست (كە یەكێكە لەو رۆژنامانەی لە ژێر سێبەری پارتی دەردەچێت) لە لاپەڕە 3 دا چاوپێكەوتنێكی لەگەڵ فازڵ میرانی سكرتێری مەكتەبی سیاسی پارتی دیموكراتی كوردستان- عیراق بڵاوكردۆتەوە، كە تیایە كۆمەڵێك پرسیار لە ناوبراو كراوە، ئەوەی ئێمە مەبەستمانە ئەم دێڕەیە لە یەكێك لە پرسیارەكاندا (هەموومان ئاگادارین كە پارتی دەسپێشخەربووە لە داواكردنی فیدرالی) رۆژنامەنووس پێش ئەوەی دەست بە دیدارو چاوپێكەوتن بكات پێویستە خۆی بە زانیاری ورد تەیار بكات تاڕووبەڕووی هەڵەی زەقی مێژوویی نەبێتەوە، هەمووومان دەزانین هەر لە كۆنەوە بەرنامەو دروشمی پ.د.ك حكومی زاتی بووە، بۆ راستی ئەم قسەیەش ئەو دوو برادەرەی كە دیدارەكەیان ساز كردووە با سەیری لای سەرەوەی رۆژنامەی خەبات ی ئۆرگانی پ.د.ك لەم قۆناغانەی دەرچوونیدا بكەن؛ (1953-1959)، (1962-1975)، (1976-1979) زەمەنی قیادەی مۆقەتە)، (1979-1991)، (1991-1992) تا دامەزراندنی حكومەتی هەرێم) بزانن نووسراوە فیدرالی یان حكومی زاتی هەقیقی، هەروەها وەك بە بیرهێنانەوە، لە بەرنامەی هەڵبژاردنی ساڵی 1992ی پ.د.ك دا بە هیچ شێوەیەك وەك بەرنامەی كار باسی فیدرالی نەكراوە، دوای راگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەكانی 1992سەبارەت بە سیستەمی ژیانی ئیداری كێشە كەوتە نێوان پارتیو یەكێتی، یەكێتی سوور بوو لەسەر فیدراڵی بەڵام پارتی حكومی زاتی پێ باشتر بوو، تا لە كاتی پێكهێنانی كابینەی حكومەتیش پارتی دەیووت با ناوی حكومەت نەبێت هەر بە ناوی ئەنجومەنی راپەڕاندنو ئەنجومەنی یاسادان كاربكرێت، ئەوە بوو مام جەلالو كاك مەسعوود بانگی ئەمریكا كران لەسەر دەستی ئەمریكییەكان پارتی دانی بە فیدرالی نا، دەڵێن كە كاك مەسعوود ئیمزای لەسەر مەحزەری فیدرالیەكە كردووە مام جەلال بە پەلە دەقی بڕیارەكەی بۆ ئۆرگانەكانی راگەیاندنی یەكێتی ناردۆتەوەو وتویەتی زوو بڵاوی بكەنەوە تا كاك مەسعوود پەشیمان نەبۆتەوە.

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكەیەتی كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.